


# کامێرایەکی بچووکی پێشکەوتوو



# کاتژمێرێکی دەست شەحنکەرەوەی گەڕۆک

گەرچی کاتژمێری دەســت مێژوویەکی دێرینی هەیە لەگەڵ مرۆڤ، بەڵام لەم چەندساڵەی دواییدا بەهۆی هاتنی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەی دیجیتالی ئەو گرنگییەی جارانی لە دەســت داوە، بەڵام ماوەیەکە هەوڵدراوە گۆڕانکاریی جددی لە کاتژمێری دەســتدا پێك بێنن، لەگــەڵ مۆبایل پێکەوەی ببەســتنەوە، وەك کاتژمێرە هۆشمەندەکان کە دەکرێت بەهۆیەوە وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیــەوە و کورتە پەیامەکان بخوێنیەوەو ئیمێلەکان ســەیر بکەی و..تاد. لەم دواییەدا پســپۆرانی بواری تەکنەلۆژیای ســەردەم ئامێرێکی شــێوەی کاتژمێریان بەرهەم هێنــاوە کە بە "کەربۆن" ناســراوە و لە راستیدا کاتژمێر نییە و شێوەی لە کاتژمێر دەکات، ئەگینا شــەحنکەرەوەیەکی هەتاوییە و بەهۆیەوە دەکرێت مۆبایل، تەبلێــت، کامێرا...تاد شــەحن بکرێتەوە. هەرچەندە شــێوەی لە کاتژمێــر دەکات بەڵام هیچ کارکردێکــی کاتژمێر ئەنجام نادات و بەهەتاو شــەحن دەبێتەوە، و گلۆپێکی LED لەسەرە کە رێژەی باتری نیشــان دەدات. چەندین کەلێنــی هەیە بۆ USB و mini USB و هەروەها شــوێنی دانانی کێبڵی ئایفــۆن و ئامێرەکانی دیکە، هەتا دەگوترێت بەهۆی ئــەم کاتژمێرە بچووکەوە دەکرێت لاپتۆپیش شەحن بکرێتەوە.

## تەبلێتێک دەبێتە هاندی مۆبایل



ڕەنگە ئـــەو هەواڵە زۆر ســـەرنجڕاکێش نەبێت، بپرسن ئەوە گرنگ نییە، چونکە گشت تەبلێتێك ســـیمکارت دەخوێنێتەوە و ئەرکی مۆبایل ئەنجام دەدات، تەبلێتێکە دەنووشتێتەوە و بچووك دەبێتەوە و بەقەد مۆبایلێکی لێدێت و چونکە هەڵگرتنی تەبلێت وەك مۆبایل ناکرێت، بەڵام کە بچووك بۆوە ئەوە دەکرێت وەك مۆبایل سوودی لێوەربگیردرێت. تەبلێتی Samsung galsxy note book دەکرێت لە تەبلێتێکەوە ببێتە تەلەفۆنێکی هۆشـــمەند و پێچەوانەش. شاشەی تەبلێتەکە نزیکـــەی 10 ئینجە، بەڵام ئەوکاتەی کـــە دەبێتە مۆبایلێکی ژیرۆك شاشـــەکە دەبێتە 5.5 ئینج، بەڵام کوالیتی نیشـــاندانەکەی زۆر بەرز دەبێت.



## فلاش میمۆری بۆ مۆبایل وکۆمپیوتەر

هەتا دێت مۆبایلە هۆشـــمەندەکان زیاتر گشـــتگیرتر دەبن و شـــوێنی کۆمپیوتەریان لەق کـــردووە، هەربۆیە هەوڵیش دەدرێت ئەو ئامێرانەی بۆ گواســـتنەوەی داتا و زانیارییەکان لە کۆمپیوتەردا ســـوودی لێوەردەگیرێت بۆ مۆبایلیش ســـوودی لێ ببینن، یەکێك لەو ئامێرانە فـــلاش میمۆری جـــۆری AH173 OTG یە، ئەم فلاش میمۆرییە هەر دوو شوێنی USB بۆ کۆمپیوتەر و micro usb بۆ مۆبایلی هەیە. خێرایی گواستنەوە بەهۆی ئەو فـــلاش میمۆرییەوە زۆر زیاترە لە سیســـتەمی بلوتوس و وای-فای. قەوارەی هەڵگرتنـــی داتاکان لەو فلاش میمۆرییەدا 8 هەتا 32 گیگابایتە.



## قەڵەمیش دەچێندرێت!

تێکدان و پیسکردنی ژینگە بەهۆی کاغەز و کارتۆن و کەرەســـەی خوێندنەوە وای کردووە کە کۆمپانیایەك هەوڵبدات داهێنانێکـــی نـــوێ و گۆڕانکارییەکی نوێ لـــەم بارەوە بکات، ئەویـــش داهێنانی جۆرە قەڵەم دارێکـــە کە کاتێك تەواو بوو دەکرێت بچێندرێـــت. ئەم قەڵەم دارانە کە بە Sprout ناســـراون هەرکامیان تۆوی گیایەکی لە بنەکەیدا هەڵگرتووە، کاتێك قەڵەمەکەت تەواو کرد و تەنیا کەمێـــك مایەوە لەناو گوڵدانی بخە و کەمێك ئاوی بدە هەتا گوڵێك یان ســـەوزەیەك بڕوێت و گوڵ و ســـەوزەکانیش بریتین لە: ڕیحانە، گوڵی دەمە شێر، تەماتە، گوڵی هەمیشە بەهار، نەعنە، جاترە،...تاد. لەسەر هەرکام لە قەڵەمەکان وێنەیەك لەو گوڵ یا ســـەوزەیە دراوە کە دەکرێت بچێندرێـــت. چونکە ئەو تۆوانەی لە قەڵەمەکـــە داندراون بەتەڕبوون تێکدەچن بۆیە ئەوەی بـــەکاری دێنێت بەتایبەتی منداڵان بنـــی قەڵەمەکە بە ددان بجوون کە زۆر لە منداڵ ئەو خوویان هەیە.




# هەم گلۆپە و هەم سپیکەرێکی گونجاو

گلۆپ یان سپیکەری جۆری AwoX Striim LIGHT گەرچی کاری سەرەکی گلۆپە وەك گلۆپ بۆ رووناككردنەوە سوودی لێوەردەگیرێت، بەڵام لەناو ئەو گلۆپەدا سـپیکەرێکی گونجاو داندراوە کە وایەرلەیسە و بەهۆی بلوتوسـەوە بە مۆبایل و تەبلێت و لاپتۆپەوە و پەیوەند دەدرێت و دەکرێت ئەو گۆرانـی و ئاهەنگەی کە حەز دەکەی گوێی لێبگری لەو سپیکەرە گلۆپەوە بە دەنگێکی باشتر بڵاو بکرێتەوە.

گلۆپە سـپیکەرەکە بەکارهێنانی گەلێك ئاسـانە و دەتوانی هەر لە شوێنی گلۆپی ئاسـایی بخەیت و لە هەرشـوێنێك لەماڵەوە کە بۆ ئەوە دەگونجێت لێی دابنێی. سـپیکەرە گلۆپەکە هەم بۆ رووناکی و هەم بۆ دەنگەکەی ریمۆت کۆنترۆڵی لەگەڵدایە و دەتوانی دەنگی کەم و زیاد یان رووناکی کەم و زیاد بکەی.

## بەم پرۆگرامە مۆبـــــــ

مۆبایل ئێسـتاکە هەر ئامێرێکـی پەیوەندی کردن نییە، بەڵکو ئەرشـیڤێکی هەڵگری داتا و نهێنییە تایبەتییەکانە. بۆیە بزربوون یان دزرانی کێشـەی گـەورە بۆ خاوەنەکەی دروسـت دەکات، بەتایبەتـی کێشـەی کۆمەڵایەتـی و ئەمنییەتی! گەر لەوە دەترسن رۆژێك مۆبایلەکەتان ون بێ یان بدزرێ پرۆگرامی Got Ya! کە پرۆگرامێکی زۆر تایبەتە لەسـەر مۆبایلەکەتان دابنێن. ئەم پرۆگرامە بۆ سیسـتەمی ئەندرۆیـد دەگونجێت، کارکردنی گشـتی پرۆگرامەکە بەم شـێوەیە، ئەگەر هاندەکەتـان دزرا و ئەگەر داخرابێ و دزەکە هەوڵی کردنـەوەی مۆبایلە داخراوەکە بـدات، پرۆگرامەکە


## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی ئازیز پرسـیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت، چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان USB3 ،USB2؟ ئایا هەردووکیان هەر یەك کار ئەنجام نادەن؟

خوێنەری بەڕێز جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان USB2 و USB3 دا، لە هی یەکەمیاندا خێرایی گواستنەوەی داتاکان ناگاتە 500 میگا لە چرکەیەکدا. بەڵام لە هی دووەمیاندا خێرایی گواستنەوەی داتاکان نزیکەی 5 گیگابایتە واتە دە جاران زیاترە. بەڵام گواستنەوەی داتایەکان لە فلاش میمۆرییەك کە USB2یە گەر لە کەلێنی USB3یشی بخەی هەر وەك USB2 دەیخوێنێتەوە. جیاوازی نێوان USB2 و USB3 لەبواری رواڵەتەوە ئەوەیە کە USB3 رەنگی شینە.

## داهاتوو بۆ پرێنتەرە سێ ڕەهەندییەکانە




پرینتەرێ سێ ڕەهەندی واتە 3D مێژوویەکی کەمی هەیە و لە سێ ساڵ زیاتر تێناپەڕێت، بەڵام لەو ماوەیەشدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە، ئێستا پرینتەرە سێ ڕەهەندییەکان هەر ئەوە نین کە شتێکی بچووك چێ بکەن، بگـــرە دەتوانن شـــتێکی گەورەش چێ بکـــەن، بۆ نموونە پرینتەری ســـێ ڕەهەندی Bigrep one کە دەتوانێت مێز و کورســـی و قەنەفە و سیسەمیش دروست بکات. پرینتەری ناوبراو کە خۆی لە ئەلۆمینۆم چێکراوە، دەتوانێت گشـــت کەلوپەلێکی ماڵەوە لە پلاستیك دروست بکات و دەکرێت لە کانزای فایبەر و دار و MDFیش کەلوپەل دروست بکات.



## ایلەکانتان نادزرێن!

**وێنەیەك لە دزەکە دەگرێت، هەروەها شـــوێنی دزەکە بە SMS یا ئیمێلێك کە پێشـــوتر بۆتان دیـــاری کردووە بەڕێ دەکات، تەنانەت مۆبایلەکە پەیامێك لەسەر شاشەکە نیشان دەدات کە پێشووتر نووسیوتانە، وەك مۆبایلەکەم بدەوە ئەگەر نا وێنەکەت لەلای منە و پۆلیسی لێ ئاگادار دەکەمەوە!**



## سایتێک بۆ فێربوونی زمان

زۆر جاران لەم گۆشـــەیەدا ســـایتی تایبەت بە فێربوون و فێرکاری زمان بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی ناســـاندوومانن، ســـایتەکانی فێرکاری زمان، لە راســـتیدا قوتابخانە و زانســـتگایەکن بۆ ئەوانەی کە نیازیان هەیە فێری زمان بن. ئەمجارەش ســـایتی Busuu دەناســـێنین، ئەم سایتە وانەکانی ئەم دەستەواژە نوێیانەن کە لەگەڵ دیالۆك و نووسین و راهێنان تێکەڵ کراون، فێرخواز دەتوانێت بە سەرنجدان و گوێگرتن لەم دەستەواژانە توانایی خۆی لە فێربوونی زماندا بسەلمێنێ. خاڵی بەهێزی سایتەکە لەوەدایە کە پرۆگرامەکانی دەکرێت لە مۆبایلە هۆشمەندەکانیش بەکار بهێنرێن، بەڵام خاڵی لاوازەکەی ئەوەیە کە بەشێکی گرنگ لە خزمەتگوزارییەکانی بەخۆڕایی نین و دەبێت فێرخواز پارەیەك بۆ ئەو خزمەتگوزاریانە بدات.